# ئاوێتە بونێکی تری عومەر ڕەسوڵ لەنێو ڕەنگەکاندا

ئامادەکردنی/کاڵێی خاڵەبەکر



هونەرمەندی شێوەکار عومەر ڕەسوڵ،یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەهەمیشە لەبواری هونەری شێوەکاریدا لەسەر ئاستی کوردوستان و ئاستی نێو دەوڵەتیدا جێ دەست و بوونی خۆی سەلماندوە،هەمیشە لەبوارە ناهەموارو نەهامەتێکانی میللەتەکەماندا دەنگ و سەدایەکی بێ وێنەی هەبووە لەئاست گەیاندنی خواست و ویستەکانی کۆمەڵگای کوردیماندا، هەمیشە تابلۆ سەرسووڕهێنەرەکانی ئازایانەو چاونەترسانە لەڕێگەی تێکەڵ کردنی ڕەنگەکانەوە ئەو کارەساتە جەرگ بڕانەی کەدووچاری میللەتەکەمان هاتوە بەشێوەیەکی دروست تەعبیری لێ کردون و ڕاستگۆیانە فڵچەی خستۆتە دوو توێی پەنجەکانێوەو لەجیاتی ئاو فرمێسکی بۆ تێکەڵ کردنی ڕەنگەکان بەکار هێناوەو ڕق و

غەزەب و کینەو هەڵوێست و بەرەنگاربوونوەی خۆی لەڕێگەی هونەرەکەیەوە بەچاوی دوژمناندا داوەتەوەو تابلۆکانی کردوە بەبڵندگۆیەک و بۆمبی ئاشتی و سەرفرازی بەگوێی مرۆڤایەتیدا داوە،ئەو پێشانگا تایبەتی و هاوبەشانەش کەهاوبەشی تیاکردوون گەواهی ئەوەن کەبەهیچ شیوەو کلۆجێک لەئاست مەسەلە چارەنووس سازەکاندا پاشگەزبوونەوەی پێوە دیار نەبووەو هەڵوێستی ڕاستگۆیانەی خۆی لەڕێگەی ئاوێتە بوونی ڕەنگەکانەوە بوێرانە نمایش کردوە و لەئەنجامەکەشی نەسڵەمیوەتەوە بەڵکو هەردەم هونەرەکەکەی دوژمن بەزێن بووەو دوژمن لێی سڵەمیوەتەوە،لەم ڕوانگەیەشەوە ئێستاس لەدیسەمبەری ئەمساڵدا 2006 سەرقاڵی کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت و سەربەخۆیە لەشاری ماسلاوس Maassluis لەولاتی هۆڵەندا لەڕۆژی12/1 تاوەکو ڕۆژی12/29 دەخاینێت لەهۆڵی کتێبخانەی گشتی. بەپێویستیشمان زانی چەردەیەک لەچالاکیە نێوخۆیی و دەرەکێ و نێودەوڵەتی هونەرمەند ڕیزبەند بکەین بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوون.

## *Expositie*

## *Omar Rasul*

*1December 2006 t/m 29 December 2006*

In de *Salon Bibliotheek Maassluis Viverlaan 18*
Openingsuren:
maandag, woensdag en vrijdag van 14.00 – 20.30 uur
Dinsdag: 10.30 – 17.00 uur
Zaterdag : 10.30 – 13.00 uur



**Donderdag en zondag gesloten** [www.bibliotheekmaassluis.nl](http://www.bibliotheekmaassluis.nl)

**tel: 0105925211** [info@bibliotheekmaassluis.nl](mailto:info@bibliotheekmaassluis.nl)

عومەر ڕەسوڵ لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە ،هەنوکە لەوڵاتی هۆڵەندە جێ نشینە لەشاری ماسلاوس لە ساڵی ١٩٧٥ وە بە شداری یەکەم پێشانگای کردووە لە هۆڵی قوتابخانەی گۆیژە لە سلێمانی ، هەردەم بەئێستاشەوە لەبواری هونەری شێوەکاریدا بەردەوام بووەلەزووربەی هەرەزۆری پێشانگاکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات هاوبەشی کردووە.

١٩٧٩ یەکەم پیشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی قوتانخانەی گۆیژە لەشاری سلێمانی کردۆتەوە.

١٩٨١ دووە م پیشانگای تایبەتی لە مۆزە خانەی سلێمانی کردۆتەوە.

١٩٨٩ سێیەم پیشانگای تایبەتیی لە Abdulkadir al-Rassam Galarie-Bagdad کردۆتەوە.

١٩٨٢ پیشانگای هونە رمەندانی کورد لە ئیتالیا.

١٩٨٣ پیشانگای حەوت هونەرمەند لەمۆزەخانەی سلێمانی.

١٩٨٤ لەگەڵ هونەرمەندان سامان قادر و عومەر دەروءش لەکەرکوک.

١٩٨٥ لەگەڵ هونەرمەند عومەر دەروێش لەقەلای هەولێر.

١٩٨٦ یە کە مین ڤیستیڤاڵی هونەری کوردی لە هۆڵی میدیای هە ولێر.

١٩٨٦ لەگەڵ هونەرمەند عومەر دەروێش لەسلێمانی.

١٩٩١ پیشانگای میناتۆر هۆڵی مۆزە خانەی سلێمانی.

١٩٩٣ پیشانگای پۆستەر تایبەت بە کۆ ڕەوەکە لەهۆڵی گۆیژەی سلێمانی.

١٩٩٣ پیشانگای پۆستەرتایبەت بە هەڵەبجەی شەهید هۆڵی گۆیژە.

١٩٩٣ پیشانگای پۆستەر تایبەت بە مین هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی، لە هەمان ساڵیشدا لە ئەڵمانیا پێشکەش کرا.

١٩٩٣ پیشانگای هەشت هونەرمەند هۆڵی لمۆندە دلارت لەفەرەنسا.

١٩٩٤ مۆزە خانە ی noord brabant نۆردبەرابند لە شاری دێن بۆش هۆڵەندا.

١٩٩٤ پێنجەمین پێشانگای تایبەتی کردەوە لە هۆڵی شارەوانی ماسلاوس،هەر لەو ساڵەدا لە نێوان چەندەها تابلۆی ترداو لە ێشبڕکێیەکی هونەریدا تابلۆیەکییان هەڵبژاردو بوو بە کارتی سەری ساڵی شاری ماسلاوس.

١٩٩٤ چوارەمین پێشانگای تایبەتی کردەوە لە هۆڵی دانیشگای گۆتنبرخ لە ووڵاتی سووید.

١٩٩٥ هاوبە شی پیشانگای هونە رمە ندانی ماسلاوس لە هۆڵی De groene sti /هۆڵندا.

١٩٩٦ هونە رمە ندانی ماسلاوس لە De Groene Stip ماسلاوس.

١٩٩٧ پیشانگای هاوبەش لەگەڵ هونەرمەند پەیمەن عبدولقادر لەگەلەری Art Leathering شاری ماسلاوس/هۆڵە ندا.

١٩٩٨ پیشانگای هاوبەش لەگەل هونەرمەند پەیمان عەبدولقادر لەهۆڵیMonsieur Paul شاری ماسلاوس/هۆڵە ندا

١٩٩٨ پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان بە ناوی Atelierroute لەشاری ماسلاوس/ هۆڵە ندا.

١٩٩٨ پێشانگای هاوبەش لەهۆڵی Luxor theater کە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کەم ئەندامان پێشکەش کرا لە شاری فلاردینگن/هۆڵە ندا.

١٩٩٨ پیشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی بیانی کەبریتی بوون لە چینی وئەفریقی لەهۆڵی Stadsgehoorzaal لە شاری فلاردنین / هۆڵە ندا-بەهاوبەشی کردنی هونەرمەندی کورد پەیمان عەبدولقادر.

١٩٩٩ پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان بەناوی Kunstestafette لە شاری ماسلاوس/ هۆڵە ندا،کە ٦٣ هونەرمەندی لەخۆگرتبوو وێڕای هونەرمەندانی کورد،خالد ڕەسوڵ،پەیمان عەبدولقادر.

٢٠٠٠ پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان لەمۆزەخانەی ماسلاوس/هۆڵەندا.

٢٠٠٠ پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی کورد لە شاری دێن هاخ/هۆڵەندا. هونەرمەندان:ئاشتی گەرمیانی، خەلیل کاکەیی، پەیمان عبدولقادر،سوعاد ستار،لە هۆڵی R.S.A بەناونیشانی ئەنفالەوە،هەروەها پێشانگای هاوبەش لەگەڵ هونە رمەند پەیمان عبدولقادر لە گەلە ری پێرڤێلا لە شاری فلاردنگین/ هۆ لە ندا.

٢٠٠٠ پێشانگای هاوبەش لەگەڵ هونەرمەند پەیمان عبدولقادر لەگەلەری پێرڤێلا لەفلاردینگن/هۆڵەندا.

٢٠٠٢ پێشانگای هونەرمەندانی ماسلاوس لەمۆزەخانەی ماسلاوس بەناونیشانی Perspectief

٢٠٠٢ پیشانگای هاوبەش لە ڤیستیڤاڵی FACES لەفنلەندا.

٢٠٠٣ پیشانگای هاوبەش لەهۆڵی Luiken De Groene لە فلاردینگن/هۆڵەندا.

٢٠٠٥ پیشانگای Kunst Kado salon لە ماسلاوس

٢٠٠٦ ڤیستیڤاڵی ئەنفال و هەڵەبجە دووبارە نەبنەوە لە Den Haag

٢٠٠٦ ڤیستیڤاڵی ١٥ هەمینی بینالی لە تۆکیۆ/ یابان .

٢٠٠٦ شەشەمین پێشانگای تایبەتی لەماسلاوس.